پێشکەشە بە لەتەکەی ترم

# دۆزینەوەی لەتەکەی ترم

عادل عەلی

کێ دەیزانی تا ئەوپەڕی
توانەوەی رۆح
تا لەنگەرگرتنی کەشتی یەکی
سەرهەلگرتوو
تا رۆچوونی پرژەی
ئاو بەدڵی زەوی یەکی
خنکاودا
تا رەقبونەوەی حەزی
بینینێك
تا شتنەوەی جەستەی
مەریوان
لەزرێباری تەنهایی دا
تا ئەوق بوونی
چاوەکانمان
لەچاوەڕوانی گۆدا
تاتوانەوەی نەرمە شەکرێك
لەقوڵایی زارێکی
بریندارردا
تا هێوربوونەوەی شەڕی
حەزو بێ هودەیی
تا ساردبوونی چەقۆی
دەستی خودکوژێك
لە ئاراستەکردنی جەستەی
شەیدایەکدا
تا ئەوسەری بەدگومانی
لەتۆرانی پاساری یەکی غەریبەدا
تا هەڵایسانی گەرمایی
لەبەفری جەستەی نیشتمان

**تا سنورەکانی شکاندنی**

**تەنهایی**

**تا ئاشت کردنەوەی**

**ماچ و تفەنگ**

**تا ... تا ... تا ...**

**لەکەناری هەریەکەی ئەوانی تردا**

**من دێمەوە سەرلەپی**

**دەستی لەتەکەی**

**خۆم**

**بزربوونی ئەوی دی لە لەتی**

**دۆڕاوی خۆم**

**شەلاڵ بوونی عەودالّی**

**لەهەناسەم جوداکردەوە**

**لەکوچە پەنهانەکانی**

**گوزەری زیندەگی دا**

**نا بەڵەد، حەوسەڵەی**

**لەدەست دابوو**

**ئیدی ئەمێستاکە**

**لەت هەرخودی ئەو لەتەیە**

**لەشوشەی ڕێحانەدا**

**کەرنەڤالّی یەکگرتنەوە**

**ساز دەکەن و ئیدی ناچنەوە**

**سەرتەنهایی سەوداسەری**

**خود گەڕان و . . .قورتار دەبن**

**دیتنەوەی ئەو**

**بردنەوەی لەتی**

**خۆمە لەگرەوی**

**گەمە تاڵەکانی ژیان .**